بڕیاری سبەی دووشەمە پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر بودجەی گشتی ساڵانەی عێراق بدات

فەرمانگەی راگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق خشتەی دانیشتنی ئاسایی ژمارە 27ـی پەرلەمانی بە سبەی دووشەمە بڵاوکردەوە، بەگوێرەی خشتەکە سبەی دووشەمە (3ـی حوزەیرانی 2024)، دانیشتنی پەرلەمان تەنیا بە یەک مەبەست دەبێت ئەویش دەنگدان دەبێت لەسەر یاسای بودجەی یاڵی 2024ـی عێراق.

لەلایەکی ترەوە، ڤیان سەبری سەرکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند: دوای گەیشتنی خشتەکانی بوودجە لە ئەنجووومەنی وەزیران بە پەرلەمانی عێراق لە لیژنەی دارایی گفتووگۆی لەسەر دەکرێت بە ئەوەی ڕاپرتی خێیان لەسەر ئامادە بکەن و دواتر بێتە کەبوونەوەی پەرلەمانی عێراق بە ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت و پەسەند بکرێت، بەیە چاوەڕێ دەکرێت لەم ڕۆژانە ئامادەبێت بە دەنگدان.

وتیشی: ئەمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان خەمان باش ئامادەکردووە بە ئەوەی داکۆکی لە مافی کورد بکەین و بتوانین مافەکانی کورد تەیدا جێگیر بکرێت، بەیە داکۆکی لە مافەکانی کورد دەکەین بێتایبەت دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، بە ئەوەی مانگانە لەکاتی خۆی بدرێت.